www.kurdistannet.org
12-3-2003 0:17

# بەرەی تورکمانی و هەڵوێستێکی نانیشتمانی

نوسینی/ئەحمەد فاتیح محەمەد

وەك دەزانین كە عێراق بەتایبەتی و ناوچەكە بەگشتی، بە كۆمەڵێك گۆڕانكاری گەورە و هەستیار دا تێدەپەڕێت، كەرەنگە لە دوای هەرەسهێنانی یەكێتی سۆڤیەت و بلۆكی ڕۆژ هەلآت، تەنها ڕوداوێك بێت بۆ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی لە ناوچەكەدا، كە ئیمڕۆ عێراق سەرەتای ئەو گۆڕنكارییانەیە ٠

گومانی تێدانیە كە عێراق لە بارو دۆخێكی زۆر ئاڵۆزدایە، كورد ووتەنی (جەنگ لە دەرگایە) ، و چارەنوسی سەرجەم هاولآتیانی عێراق بەعەرەب و كوردو توركمان و ئاشورییەوە گرێدراوی ئەم گۆڕانكارییانەیە .

وەلێ تەواوی كۆمەڵگای عێراق، چاوەڕوانی چركەساتەكانی گۆڕینی ڕژێمن، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ بتوانن عێراقێكی دیموكراسی و پلورالیست و فیدراڵ بنیات بنێنەوە٠ بەلآم ئەفسوس لەم ساتە هەستیارەدا، بە پێچەوانەی هەموو خواست و ئارەزوەكانی كۆمەلآنی خەڵكی عێراقەوە، بەرەی توركمانی كە خۆی بەتەنها نوێنەری شەرعی توركمانەكان دەزانێت، نامەیەكی ئاراستەی كۆفی ئەنانی سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتوەكان كردووە، داواكارن كە واهاوولآتیانی توركمان لە ژێرستەمی حكومەتی هەردوو ئیدارەی هەرێم بپارێزن.
ئەم هەڵوێستەی بەرەی تەركمانی هەڵوێستێكی نا نیشتیمانیە، دەیانەوێت بارو دۆخەكە زیاتر ئاڵۆزبكەن، وڕێگاش بۆ لەشكری سوپای توركیا خۆش بكەن كە بێتە ناو خاكی كوردوستانەوە.
كۆمەلآنی خەڵكی كوردستان و حكومەتی هەرێم لە هەردوو ئیدارەكەدا، وێڕای ئەوەی مافی نەتەوایەتی و سروشتی خۆمانە داوای جیابوونەوە بكەین و جیاببنەوە، بەلآم لەبەر چەند فاكتەرێك كەرەنگە بارودۆخەكە یارمەتیدەرنەبێت، هەموو جیهان و ولآتەعەرەبی و ئقلیمیەكانمان دڵنیاكردۆتەوە ، كە ئێمەی كورد خوازیارین لە عێراقێكی دیموكراتی فیدراڵدا بژین .
بەلآم توركیا كە ئامانجی كۆنترۆڵكردنی خاكی كوردستانەو، بە نیازە خەونەكانی ئەتاتورك بهێنێتە دی، توشی شۆكێك بوو كاتێك شەقامی كوردی ورای گشتی كوردی لە خۆپیشاندانەكانی هەولێر و سلێمانی، بە توندی پڕۆتستۆی ئەو مەرامەی توركیایان كرد.
هەنوكەش بەپلانێكی نەزۆكی ئاشكرای دەوڵەتی توركیا، كە ئەكتەرەكانی بەرەی توركمانیەو مەبەستیانە عێراق نوقمی گێژاوێكی سیاسی ـــ كۆمەلآیەتی بكەن، و ببێتە شوێنی ململانێ و تەراتێنی هێزە ئقلیمیەكان.
لە ڕاپەڕینە مەزنەكەی ساڵی ( ١٩٩١) ەوە تا ئێستا، لە هیچ دەزگایەك یاخود ناوەندێكدا شێوازێكی خراپ و ناشارستانیانەمان نەبینیوە و بەرچاونەكەوتووە بەرامبەر هاوولآتیەكی توركمان.

www.kurdistannet.org
12-3-2003 0:17

تەنانەت لەژێر دەسەڵاتی هەردوو ئیدارەی حکومەتی کوردیشدا، بە تەواوی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی کەلتوریەکانیان گەیشتوون کە ڕەنگە ئەگەر هاوولاتی تورکمانی لە تورکیاش دابنیشێت ناتوانێت مومارەسەی ئەو مافانە بکات کە ئێستا لە کوردستاندا هەیەتی.

تورکمان ئەگەر مێژویان هەبێت لە عێراقدا، دڵنیام کە سنوری جوگرافیان نیە، وکوردستان خاکی کوردانە لە ئەنجامی ژیانی کۆچبەری و ململانێیەکانەوە تورکمان بە خاکی کوردستاندا بڵاو بوونەوە • بۆیە پێویستە بەرەی تورکمانی باش ئەو ڕاستی یە بخوێنێتەوە کەوا زۆر لەوە بچوکترن ببنە سەرچاوەی ئاشوب و ناکۆکی نێوان کوردو تورکمان، و مێژووی ئەتاتوك دووبارە بکەنەوە کاتێك بوونە سەرچاوەی دووبەرەکی ئەرمەن و کورد • لێرەوە پێویستە هەردوو ئیدارەی حوکمەتی هەرێم لە هەولێرو سلێمانی، و جالیەی کوردی لە هەندەران بە هەموو شێوەیەك ئیدانەی ئەم هەڵوێستەی بەرەی تورکمانی بکەن و لە ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش وەلابنرێت، چوونکە عێراق ناگەڕێتەوە بۆ ( (80 ساڵی ڕابردوو بۆژێر وسایەی تورکیا، ئەم نامەیەی بەرەی تورکمانی زەنگێکی ترسناکە و کردارێکی ئانارشستیە، کە عێراق و ناوچەکەش تووشی هەورازێکی سەخت دەکەن .

ahmad_dokan@hotmail.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣